سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆمار تاوتوێی بارودۆخی گشتی وڵات و کێشە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەکان کرد .....

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەحەمەد شەیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە لەگەڵ سەرۆک کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید کۆبووەوە، لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی بارودۆخی گشتی وڵات و کێشە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەکان کرا و هەروەها جەختیان لەسەر پێویستی یەکخستنی هەوڵەکان کردەوە بۆ چەسپاندن و بەردەوامکردنی ئەو ئاسایش و سەقامگیرییە کە بەدیهاتووە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە کە: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامەکانی بەشداریکردنی لە کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس لە سویسرا خستەڕوو لەگەڵ ئەو وتووێژانەی کە لەگەڵ سەرۆکی شاندە بەشداربووەکان و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامیداوە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی عێراق و پتەوکردنی هەماهەنگی بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندی هاوبەش بکات,,.

لئاناژەی بەوەکرد,, لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی پێشهاتە ئەمنییەکان کرا لەگەڵ ئەو پێشێلکارییانەی کە شار و ناوچەکانی عێراق ڕووبەڕووی بووەتەوە و دەبێتە هۆی پێشێلکردنی سەروەری و لاوازکردنی

سەقامگیری و هەڕەشەکردن لەسەر سەلامەتی هاوڵاتیان، هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر ئەوەی کە حکومەتی عێراق لایەنی ڕێگەپێدراوە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسا و بەدواداچوونی هەیە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی کە پاراستنی ئاسایش و سەروەری عێراق مسۆگەر دەکات.

هەروەها هەردوولا جەختیان کردەوە لەسەر گرنگی پشتیوانیکردنی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەرنامە وەزاریەکەیدا، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان هەیە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و باشترکردنی ئاستی ژیانی هاوڵاتیان و بەرەوپێشچوون لە بەرنامەی چاکسازی و سنوردارکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی، بە شێوەیەک کە ژینگەیەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان دابین بکات و کەرتی تایبەت چالاک بکاتەوە بە بەشداریکردن لە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

هەر لە میانەی کۆبوونەوەکەدا باس لە پێویستی چارەسەرکردنی دۆسیە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کرا بە پێی دەستوور و یاسا و چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بە شێوەیەک کە ماف و سەرچاوەی بژێوی ژیانیان مسۆگەر بکات.